# گۆڤاری هایکیست

”بەر لە ئاوابوون-
لەسەرلوتکەی شاخ بوو بە پرتەقاڵ؛
خۆر“



**یانەی هایکوی کوردی**

**ژمارە سفر**

**٢٠١٨**



## دەستپێك

دوابەدوای کردنەوەی یانەی هایکوی کوردی بیرمان لە دەرکردنی چەند بلاْوکراوەیەکی ئەدەبی کردەوە بۆ تۆمارکردنی کارو چالاکیەکانی یانەکەمان، بەوەش هایکیستە بەڕێزەکان وخوێنەران وئەدەبدۆستان لە دەلاقەیەکی دیکەوە دەتوانن بەردەوامیی بە پەیوەندی نێوانیان بدەن.

هەنگاوەکان رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو پێشەوە دەچن، هایکیستانی کورد توانای نەخشاندنی دەقی جوانیان زیاتر وبەپێزتر دەبیٚ.

ئەم گۆڤارە بەم ژمارەیەی دەبێتە سەرەتایەك بۆ فراوانکردنی هایکوناسیین وئاشنابوون بە دەقی هایکو بە تەکنیکە جیاوازەکانیەوە، لە هەمانکاتدا توێژەران و ئەدەبدۆستان دەتوانن وەك سەرچاوەیەك بەکاریبهێنن لە توێژینەوەکانیاندا، چون لە ژمارەکانی دواتردا وتار وشیکاری رەخنەییش لەخۆدەگریٚ وبابەتی جیاواز دەربارەی تانکا و سینریو و... هتد دەخرێتە بەر باسوخواس.

ئەم ژمارەیە ژمارەیکی باش لە دەقی هایکوی ئاڵتوونیی ئەندامانی یانەکەمان لەخۆ دەگریٚ لەگەڵ چەند دەقێك لە تانکا، کە تا ئێستا شاعیران بەشێوەیەکی بەرچاو خۆیان لەقەرەی نەداوە، بەهیوام دەرکردنی ئەم گۆڤارە ببێتە جێگای رەزامەندی خوێنەرانی وسەربارێك بۆ کتێبخانەی کوردی بەتایبەت کتێبخانەی ئەدەبی.

**ملکۆ ئەحمەد**

**2018**

(قوبادی جەلیزادە)

شەڕ-

کانییەکە هەرگیز وشك ناکات؛

فرمێسکی بێوەژن

شەڕ-

لەسەر لقی زەیتوونێك؛

کۆترێکی مۆمیا

لەسەر لقی دار گێلاسێکی وشك-

تێل بۆ باران دەکات،

چۆلەکەیەکی تینوو

دوای مەرگی نەنکم-

مانی گرت لەخواردن؛

تاقمە ددان

لەتامانەکە پێلاوەکانی داکەند-

بەنەزاکەتەوە چووە ناو باخ؛

بۆق.

ڕەشەبا

-لقی دارهەنارێکی شکاند

بەفر بۆی گرتەوە

بەفری گەرم-

بەچڕی دادەکات؛

گوڵی چوالە.

هەموو ئەسپەکان ماندوو دەبن جگە لەوەی ,

بەسەر دیوارەکەوە غاردەکات؛

-تابلۆ

**(ئەکرەم هەواس)**

**لەزەرفێکی گەورەدا،**

**فرمێسکی خوێن بۆ دایکان دەنێرێتەوە-**

**جەنگ**

**لێو ڕێژە لە ئەوین،**

**ڕۆحی خۆی دەبەخشێ بەگوڵ .**

**پەپوولە**

**بۆ سەرخەوێک ،**

**هەتاو دەچنێتەوە-**

**کلاوکوڕە**

**لاولاو ئالاوە ئالاوە بەچناردا،**

**دوماری دڵدار-**

**گەردانە**

زەوی زەرد هەڵگەڕاوە،

ئاسمان کفنی بۆ دەدوورێت ـ

بەفر

(نادیە کریم کۆیی)

گەردی بەیانیان ،

بە دڵۆپە شەونمەکان خۆی دەشۆرێ ؛

مێرووله.

چەشنی لاولاو

له دار ئاڵابێ له دڵ ئاڵاوه ؛

عیشق.

تێکرا مەست بوون،

شەڕابی سێویان بەشیەوە ؛

له شازدەی سێ

له تاقی ئاسمان،

ڕەنگی سووری شەبەنگ دەخوازمەوە؛

له ڤالانتاین.

ڕەنگی پەمەیی گوڵ فریوی دا ،

لەسەر ڕومەتی دایکم نیشتەوە؛

پەپوولە.

(sh havan)

شوشە عەترێکە ڕژاوە ،

بۆنی ژیان خۆش دەکا -

هەناسەی دایك

ئاواز بەتالی قژ دەژەنێ ،

پەنجەکان فێری سەمادەکا -

لەخەو هەڵساون دووانەکەی سەر سینە ،

کەوشەکانی هەنگ تەڕدەبن ،

کەشیلە دەڕژێنێ ـ

گوڵ

گوڵێك لەتۆ ،

ماچێك لەمن ، گەردانەکەی تەواو دەبێت ـ

ڤەلانتاین ،

(سارەوان عەبدوڵا)

چون خۆشەویستی وایە کەی زیاد نەبوو،

کەمدەکا ـ

مانگ.

چاوێکی سەوز و

چاوەکەی تری زەردە ـ

نیشتیمان!

دەستێکی نوقڵ و،

دەستەکەی تری ژەقنەبووتە ـ

ژیان

مانگە شەو،

پڕ بە پێ هەڵدێ ،

لە تاو سپێدە.

(سۆران علی آغا)

پۆستە چیە ؛

لەبەهاردا گوڵاو ئەبخشێتەوە ـ

شنەبا.

لەکەرنەڤاڵی رەناگا لەبەهار،
خۆڵەمێش بەرِێژنەباری ـ
لەهەڵەبجە

خوانی نیوەرِۆی ئەهریمەن،
سێوی نەفەرتی مەرگ بوو،
بۆهەڵەبجە.

پێنجەم وەرزی ساڵە ؛
پرەلەبارانی میهرـ
دایك.

دوو بێچووی برسین؛
تاماچ نەکەم بەدەمیانەوە ـ
بێ دەنگ نابن لێوەکانت.

**(پەری عەبدوڵڵا)**

**قژی زێڕینی،**

**پەخشانی سەر ڕوومەتی خاك ئەكا ـ**

**خۆرەتاو**

**بێ ڕەحمانە،**

**پیت بە پیتی ناوەكەم دەسڕێتەوە ـ**

**شەپۆلە بزێوەكە.**

**بۆ پە یكە ری كاوە ی عە فرین،**

**چە كوشیك لە گر دروست دە كاتە وە ـ**

**نە وروز.**

**بە سە ر كولوانە كە ی عادیلە خانە وە،**

**پینج هە زار پە پولە دە نیشنە وە ـ**

**لە شانزدە ی سێ**

**به کلێتەی بەفر و چۆغەی گیا؛**

**لەگەڵ بەهار لە ژووانە ـ**

**چیــــــــا.**

**(دلیر محمد)**

**لە کێڵگەکانی هەورەوە هاتووە،**

**پێیەکانی تەڕ تەڕن ـ**

**باران**

**لەشەقامە ساردەکەی ـ با ـ**

**ـــزەمبیلەکەی پڕکردووە لە مرواری باران ـ**

**تەرزە.**

**توند باوەشی كردووە بە ـ با ـ**

**هەناسە تەزیوەكانی هەڵدەمژێت ـ**

**كرێوە**

**بۆئەوەی كەمێك خاك بنوێت،**

**بێدەنگییەكی سپی دەژەنێت ـ**

**بەفر.**

**بەیانیان شەرم لەهەتاو دەكا،**

**لەشەوەوە بەڕووتی نوستووە ـ**

**شەونمی سەر گەڵاكە**

**پەنجەرەی گۆماوێك بوو،**

**پەلوكە بەردێك شكاندی ـ**

**زوقم.**

**(محمد ملا رحمان)**

**بەدەم شنەبا ،**

**زوولفی داو داو کردوە .**

**شۆڕەبی**

**لە ژوانی گوڵدا،**

**شووشە عەترەکەی شکاند .**

**شنەبا**

**زەردەی ئێوارەیە،**

**هێشتا مرچەی ماچیان دێ .**

**گوڵ وهەنگ**

**سەبەتەیەك شیرنی،**

**لە ژوانی شنەبا بەخشی .**

**دار تووەکە**

پارچەکانی دڵ ،

لە ڤالانتاین کۆدەکاتەوە ـ

گوڵێکی سوور

ـ تانکاـ

دەولکێکی بەتاڵە،

ڕەنگی وشکە ساڵی گرتوەـ

کانیماڵان

لە بێ بارانی نییە ،

گەڕەپێچ هەڵیلووشیوە

نزای شنەبام بۆ کرد ،

وادەی عەتری پێدام ـ

گوڵە باغ

لە سەر چیلەو چەم و ڕەز،

دوگمەی سینەی والاکر

**(حلمی عومەر)**

**جوتـێ گـۆرەبی ،**

**هـەڵاڵەی لـە پێـدایـە .**

**هـەنگ**

**هـەموو دنیـا دەبـەخشـێ ،**

**بـە هـەرزە کارێکی هـەژار .**

**نامـەی کچێـك**

**دوونـە یـەکی پێـچەوانـەن ،**

**مـرۆڤ شـەڕو .**

**نیـل سـەرەو ژور**

**دەمیـان خستـۆتـە ناو دەمی یـەکتـرەوە ،**

**نـە دەستیان هەیەو نـە مـەمـك .**

**جوتێك کۆتـر**

**(مەهدی فاتیح عومەر)**

**باشترین بانکی دونیا بوو ،**

**بێ پاسۆرد و بێ ناسنامە:**

**گرێی فەقیانەکەی دایکم...**

**نەپەڕییەوە بە ئاراسدا ،**

**ئاراسی هێنایە چاومان:**

**جەستەی هەڵواسراوی قازی...**

**بۆنی قەرسیلی لێ دەهات ،**

**سەوز بوو بوو لەسەر ناوکی:**

**دەنکە گەنمی پریاسکەکە...**

**(هاوژین حسن)**

**هەموو تەمەنی ڕاپازنی**

**بەدی ناکەی دڵۆپێك خۆشی ـ**

**ژنی شەهید.**

**نەمدەزانی ئاوایە بەخت،**

**ئاخر نەیبوو تا بنۆڕم ـ**

**کڵاو ڕۆژنە.**

**بەڤاڵانتایندا،**

**ملپێچی سووری شەهید ،**

**بنێرنەوە بۆ یار.**

## (کەژاڵ ئیسماعیل)

چیرۆکەکان کوژانەوە،

دوا سەفەری بوو.

داپیرم

تاریك تاریك،

سەری ناوەتە کۆشی دەوەن .

کوێرە دێیەك

لەسەر لەپی دەستم،

دەمباتە بەر دەرکیان .

خاڵخاڵۆکە

شەرم ناکەن،

کەوتوونەتە شڵپوهوڕی لەززەت .

دوو بۆقیلە

**بۆ لەززەتێك ،**

**ڕەدووی با دەکەوێت .**

**پەپوولە پایزە**

**بە دوو چاوی کریستاڵەوە،**

**ئەستێرە ئەچنێتەوە .**

**پەنجەرەکەم**

## (عەلی تاهر)

**لە وانەی عیشق کەوتووە،**

**پاییز دەکاتە بیانووی خەزان .**

**گەڵا.**

**لە وانەی عیشق کەوتووە،**

**پاییز دەکاتە بیانووی خەزان .**

**گەڵا.**

**(سەریاس ئەحمەد)**

**گۆڤەندگێڕ و بزە لەڕوو،**

**وەك سەفەری نەبڕاوەی من ـ**

**شنەبا**

**(فوئاد شێخانی)**

**هەتا کۆنتر بێ،**

**زیاتر بێهۆشم دەکا،**

**عەشقت لە شەراب دەچێ**

**شانەیەکە چوار وەرزی ساڵ،**

**پڕاوپڕە لە هەنگوین ـ**

**مەمك**

## (کامەران گەردی)

گلێنەی خاکن،

بۆچرۆیەك ڕێی دووردەبڕن -

ئەشکی کانی !

بەهارقوڕاوی لێ دەچۆڕێ،

بەبرژانگی خۆڵاویی دێتەوە

-هە تاو!

خۆڵەمێشی بە(بەرد)بووە؛

کڵپەی سەدەکانی تریشە -

هە ڵەبجە !

داتاشینی گوڵ ئەستەمە،

شاری پەیکەرسازییە -

هە ڵەبجە!

**(فریاد مەمەد)**

**بەقەیرەیی سەردەنێتەوە بەفر،**

**باڵغ نەبووە،**

**گوڵە گەنم**

**(سەربەست باران)**

**هێندە مەستە،**

**هەر لە عەسرەوە شەراب دەنۆشێ ـ**

**زەردەی خۆراوا**

**(ئەکرەم هەواس)**

**لاو لاو ئالاوە بەچناردا،**

**دوو ماری دلْدارن ـ**

**گەردانە**

نیشانەی دواییە ،

سەدان سپی پاسەوانی ڕەشێکن ـ

تاڵە قژەکانم.

**(Soza barznji)**

گڕی بەردا لە خۆی ،

جێژوانی دوو عاشقی پڕکرد لە نوور۔

مۆم

شەقامێکی درێژە،

لەسەر شۆستەکانی بارانێکی غەریب دەگری ـ

شەو.

**(جمال سديق)**

**ناوچەیەکی جێ ناکۆکە،**

**هەنگ و پەپوولە پێکەوە دەیبەن بە ڕێوە**

**-جاڕە گوڵ**

**گالیسکەیە،**

**تەرمی گەڵا مردووەکان دەگوازێتەوە .**

**جۆگەلە**

**وا هاتنەوە،**

**پەردەیان لەسەر وەرزی گوڵ لادا.**

**پۆلێك پەڕەسێلکە**

**لە گوێ چەمەکەدا ،**

**ئاراستەی با دیاریدەکات .**

**سەروقژی شۆڕەبیەکە**

بووە بە قوڵتە ی تە ڕ،

لە بە ر باراندا هە ڵدە لە رزێ

- گووڵە باخ.

(سەردار حەمید ـ نۆڕێ)

سەفا و مەڕوای مەم،

تەوافی ناوك و عەرەفەی گەردن،

حەجی زمان

هێندەم بەرێ بەشم بکا بیشمرم،

دووره ڕۆژی پەسلان*،

ورده ماچی گیان !

بە خەیاڵی بولبولەوە دەنوێ،

شەونم دەڕژێتە شەوبۆ -

شەیتانیبوون.

لەسەر لاپەڕەی لێوەکەت،

شاگەشکەیە، دەتوێتەوە

قەڵەمی سووراوەکەت!

بێتەوە پاییز،

دەمکوژن بە دارەوە -

هەنارەکانی !

بۆ چۆڕێ شیلە -

نێرەئەندامی گوڵ دەمژن،

هەنگە مێینەکان.

شەو دەگاتە ئۆرگازم،

دەکەوێتە سەر گەڵا و گوڵ .

تکی ئاونگ

## (رۆژ هەڵەبجەیی)

### ـ تابلۆکانی (نا) ـ

پێچاو پێچ ڕادەکەن،

شەپۆلی شەقامەکان نا،

کەوشی کۆڵانەکان

درێژ درێژ دەڕۆن،

پێکەنینی درەختەکان نا،

هەناسە بڕکێکی ئاو!!.

تاریك تاریك دەفڕێ،

باڵەکانی شەو نا،

شەقژنی شەمشەمە کوێرە!!

نەرم نەرم ختوکە دەداتە تەناف،

جگەرەکێشانی (با) نا،

لاسکی ستیانێك!!

پڕ پڕلەخەیاڵا نغرۆ،

بینین لەپەنجەرە نا،

دەموچاوێك لەفیراقا!!

چەپك چەپك ترس درومان دەکەن،

داهۆڵی کێڵگەکان نا،

نەعرەتەی ژنانی عەفرین!!!

دڵۆپ دلۆپ دارستانێك دەژەنێ،

هەنسکی هەورو هەناسەی باران نا،

ئەلفابێتی چۆلەکە پەمەییەکان!!

**(ملکۆ ئەحمەد)**

**تاسەمەندی گریانی هەورە،**

**وەختە شەقبەری بۆ تەڕایی ـ**

**خاکی گەرمیان**

**تەزبیحی رەشی ئەبڵەق،**

**دەستی با دەیجوڵێنێ ـ**

**ریشۆڵەی سەر تەلی کارەبا**

**هەموو بە ڕووتیی،**

**دار، بەرد، گوڵ،**

**هێشتا کراسەکانیان لای بەهار نەهاتۆتەوە**

**ماڵئاواییە،**

**دواین هەوری خستە گریانە ـ**

**ئەم زستانە بێ دڵە**

**مەڵاقی وشکە،**

**دەمی کردۆتەوە بۆ چۆڕی ئاو .**

**دەمەشێر**

**مردنی شەرەفمەندانە،**

**بەدەم سەماوە دەمرێ .**

**گەڵا**

**سەرما پەلکێشیکرد،**

**چووە باخەڵی هەورەوە .**

**مانگ**

**دەستی لەکوشتنی شەودایە،**

**هێشتا خەڵتانی خوێنە .**

**خۆری گزنگ**

زستان له گیانكێشاندایه،

بەهار داوای میرات دەكا .

فەرشێكی سەوز

جوانیی دەگاتە لوتكە،

كەواتە: تەمەن یەك وەرزە

پەپوولە

دەمی گەیشتە شیلەی لەشت،

نەیتوانی بفڕێ .

تاتۆی پەپوولەیەك

دەستم بگرە،

نەبادا بكەومە ناختەوە .

گۆم ئامانی نیە !

**سنجاخی یەخەی ترازاند،**

**تك تك ژیان باری ـ**

**هەور**

**سیمفۆنیای ئازار،**

**گوێل گوێل، ئازار دەکاتە ناخمەوە**

**ژیان**

**(ملکۆ احمد) ـ تانکا**

**لە کەلەسەری کورددا،**

**مەی دەگێڕن ـ**

**بازگانەکانی جەنگ**

**خۆشمان کەلەڕەق،**

**نەدەشکێ، نەدەکەوێ**

به چاوی سیسەوە،

ماڵئاوایی لە بەهار دەکات ،

نێرگز

بەخێرهێنانێکی ساڵانە

ماڵئاواییەکی کوشندە

دوو کەژ؛

پەنجەکانم نەبێ کەس نایانگاتێ،

مەمکەکانی

بمبوورە،

لە براتووتەدا ئەڵقەی پەیوەندیە

شەقامێك،

دەمگەیەنێتە خەم؛

قردێلەیەکی رەش لەسەر وێنەی باوکم

لەسەر دیواری دڵم،

دووریی دایکمم هەڵکۆڵی

چاوەڕێی ژمارە (1)ی گۆڤاری هایکیست بن



مافی بڵاوکردنەوە و کۆپیکردنی تەنها بۆ یانەی هایکوی کوردیە

٢٠١٨